# نووسراوێکی دادگای هەولێر تەزویر دەکرێت

یاساناس: عەبدوڵلا قادر کەریم
هەولێر – ٢٠٠٤/٥/٣١

لە کوردستان نێتی ، رۆژی ٢٠٠٤/٥/٣١دا ، بەرێز محەمەد سەعید حەسەن ، دوو بلاوکراوەی بە ناوی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێرەوە بلاوکردەوە.

ئەز وەك یاسا ناسێك ، نووسراوی دووەمیانم بەلاوە سەیر بوو ، گومانم هەبوو دروستکراوە ، لە دادگای هەولێر بە دوای کەوتم ئەنجام ئەو گوتارەی لیّ کەوتەوە:

دوای ئەو گۆڕانکارییە ، مەزنتانەی بەسەر دنیادا هات و رژێمە دکتاتۆریەکان ، یەك لە دوای یەك دەڕوخێن و زمانی سەردەم و یاسا سەروەرە ، ئیدی قەبوڵ ناکرێت هەرکەس بە ئارەزووی خۆی بە ناوی ئازادی ، بیر دەربرینەوە ، ماف و ئازادی کەسانی دی پێشێل بکات و شەل و کوێرم ، پەلاماری بدات و تاوانی بخاتە پاڵ ، بیەوێت ، بەو هۆیەوە ناوبانگی بزڕێنێت و کەسایەتی لە ناو کۆمەڵگادا بشکێنێك ، چونکە یاسای گرێدانی جەمسەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و ئەخلاقییەکان ، هەن و پێویستە هەموو مرۆڤێك لە هەر کوێیەکن ، بە تایبەتی مرۆڤی رۆشنبیر و ئاوروپانشین ، لە هەموو کەسێکی دی زیاتر پەیرەوی بکەن ، چونکە هیچ کۆمەڵگا و دەسەلاتێکی حوکمڕان ، بیّ یاسا ، بەرێوە ناچێت و دەبێتە مایەی گێرەشێوێنی ... پابەندبوون بە سەروەری یاساوە نیشانەی ئاستی بەرزی رۆشنبیری و شارستانێتی دەگەیێنێت.

دەربارەی ئەو نووسراوانەی بەرێزت بلاوکردونەتەوە:–

١–ئەو یادداشتی دەستگیرکردنە ، رەسمیەیەی مۆرکی دادگای لێکۆڵینەوەی لەسەرە ، دەعوای خودی دادگایە لەسەر بەرێزت و بەپێی مادە (٢٢٩) تۆمەتبارکراویت کە تۆمەتی سووکایەتی وەپاڵ دادوەرناوە و دادگای هەولێر بە ناشەرعی لە قەڵەم دەدەیت و یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پاش بژارکردنی ، پەرلەمانی کوردستان بڕیاریان لەسەرداوە تۆ بە یاسای رژێمی بەعسی دادەنێت ، ئەو تۆمەتانەش پێویستیان بە سەلماندن و بەڵگەی زیندو هەن و دەچنە خانەی سووکایەتی پێکردن و ناوزڕاندن و تەشەر لە یاسا و بەرژەوەندی گشتی ، لە ناویاندا : ( دادوەر، دادگا، یاسای داد ) ئیدی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەپێی ئوسوڵی یاسای دادگاکردن ، نووسراوی بۆ موختاری گەڕەکی سەیداوا و پۆلیسخانە کردوە کە ئیجرائاتی تەبلیغ کردنت بکەن و ئەوانیش لەوەڵامدا وتویانە: شوێنی تۆمەتبار دیار نییە .. ئەوسا دادوەر یادداشتی دەستگیرکردنی دەرکردویت.

٢–بۆ روون کردنەوە ، ئەو دەعوایەی دادگای هەولێر بەپێی مادە (٢٢٩) لەسەری تۆمارکردویت هی خودی دادگایە و خۆت دوچاری هەڵە مەکە ، هیچ پەیوەندیەکی بە بەرێز (عەبدوڵلا ئاگرین )ەوە نییە و دەعوای ئەو کە لەسەری تۆمارکردویت بەپێی مادە (٤٤٣)یە و دوو دەعوای جیاوازن و تفەنگیش بە تاریکییەوە مەنیّ و بیّ بیرکردنەوە قسە فڕیّ مەدە.

٣–نووسراوی دووەمی کە بە ناوی دادوەری یەکەمی ، دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر (٢٠٠٤/٤/٢١)ەوە بلاوتکردونەتەوە و وێنەیەکی حەزینی خۆشت وەپاڵ نابوو ، من لیّ بە گومان بووم ، بۆیە چووم سەیری فایلی مرافەعاتم کرد ، شتی وای تیانەبوو ، تەنانەت لە فایلەکەشدا ووشەی (Dead or alive) تیانەبوو ، وە لە قانوونیشدا ، بەر لەدەرچوونی بڕیاری دادگا و دیاریکردن و سەلماندنی تاوان ، ناوترێت بە زیندوویی یاخود بە مردوویی فلانە

کەسمان لا ئامادە بکەن . چونکە بۆ ئامادەبوونی بەردەم دادگا ، زیندوو دادگای دەکرێت نەك مردوو .. ئـا لـێرەدا لە بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوە تەزویرکراوە بەڕێزت ، وەك تۆمەتێکی نوێ لەبەردەم یاسا و دادگـادا بەرپرسـیت .. ئەمەشت بۆ دەبێتە ، تۆمەتێکی تازە و لـە فایلـەکەتدا دادەنرێت.

ئەز خوازیاربووم ، ئەم ملـملانێیە هەر لـەسەرەتاوە بە زمانی لـەیەکگەیشتن چارەبکرایە ، ئێستاش دادگا زمـانی شارستانیەتە ، پێویست دەکات ، بەڕێز محەمەد سەعید حەسەن خۆی سەغڵەت نەکات ، و گـەر بـڕوای بـە راسـتی قسەکانی خۆی و شەرعیەتی پەرلـەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە ، بۆ مانەوەی تێ دەکۆشێت ، ئامـادەی بەردەم یاسا و دادگای هەولێر بێت و لێرە بەرگری لـە تاوانەکانی بکات و پەنا بۆ قسەی ناشرین و جنێو و بوختـان و سووکایەتی نەبات .. خۆ خودی خۆی وتویەتی : من بـاجی راسـتی قسـەکانم دەدەم .. ئـەز وەك مرۆڤێکـی بـێ لایەنی یاساناس ، ئەم روونکردنەوە و ئامۆژگاریانەم بە بەڕێز محەمەد سەعید حەسەن رادەگـەیێنم ، تـا بـاری یاسـایی سەرشانی گرانتـر نەبێت و هیچ هەڵپەیەکیش نەکات ئەمانەش ببن بە دەرس ، ئیدی واز لـە مهاتەرات بهێنێت.

داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org